

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ٩ ـ ١٧ی ڕەشەمە ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

لەیلا خاکی
جێگر بەختیار
بیژەن ڕەحمانی
موحسین سوبحانی
هیوا شاهیان
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
هیوا بەیرامی
سەدەف فرووغی

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

هێمن عەبدوڵلاپوور
ڕزگار لوتفی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٢ ...

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها–**

---

- تیۆری
- بەتامی چیرۆک
- چیرۆکی میوان

- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

١٧ی ڕەشەمە ٢٧١٧

---

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## «کا حەمە»

ئەو ڕۆژە چووم بۆ دوکتور، بڵێ دەی.

ـ دەی؟

دوکتور پێی گوتم: "شکور بۆ خودا کا حەمە هیچت نییە، هەر بەقەت کەرێک ئیزافە وەزنت هەیە. ئەویش شەوانە پێش قورکێشێک خەیار بخۆ، دوای مانگێک تەواو کز دەبی".

ـ دەی زۆر چاکە.

بەڵام بەداخەوە لە ترسی ئەو جیرانانەمان خۆ ناوێرم خەیار بخۆم.

ـ باشە بۆ؟

ئەوە نییە من شەوانە درێنگ دەنووم، دەنگی کرمە کرمی خەیار خواردنەکەم وەخەبەریان دێنێ.

ئەو ڕۆژە دا شەرافەتی جیرانمان؛ هەر ئەوەی وا زمانی میترێک درێژە، بە خێزانمی گوتبوو: "مەردی خودابە باجی ئەسمەر، بە کا حەمەی مێردت بڵێ شەوانە خەیار نەخوا. بەخوڵای وا دەزانین بوومەلەرزە هاتووە و، هەموومان لە ترسان یەکسەر هەڵدێین بۆ دەرێ".

**هیوا شاهیان**

## «لیکاوی کوورش»

لە زەنجان، هاوزانکۆییەکم هەبوو، ناوی هێرش بوو، کەچی ناوەکەی کردبوو بە کوورش. هەرکات فارسێک قسەی دەکرد، وای چاو لە زاری دەبڕی، لە سەرسامییا هۆشی نەدەما کە لێکی بە لالێویدا شۆڕبووەتەوە خوارێ و، بووە بە گوریسێک کە ئەگەر وڵاتێکی پێ لە سێدارە بدرێ هێشتاش هەر زیادیی دێنێ.

دوای ئەوەی حکوومەت بەم شتەی زانی، هێرشیان دامەزراند و لیکەکەیان بە پیشەیی کرد و، کردیانە جۆرێک شەربەتی قودوو، لە ئاستێکی بەربڵاودا.

ئێستا ئەگەر دەبینن، بەگشتی و بە دیاریکراوی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کابرا بە فارسی شتی ناسک ناسک دەنووسێ، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر وێنە تاکەکەسییکانیان بە فارسی دەنووسن: یۆهۆیی؛ یان ئەو دایک و باوکە کوردانەی بە فارسی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن، یان ئەو گەنجانەی بەردەوام گوێ لە گۆرانیی فارسی ڕادەگرن؛ یان ئەوکەسانەی مێژووی گەلی خۆیان بە عەشیرەی فارس پێوەند دەدەنەوە؛ یان ئەو جاشانەی چەکیان بۆ حکوومەت هەڵگرتووە؛ ئەوانە هەموویان هونەری شەربەتی لیکاوی کوورشن!

**ناسر فەتحی**

## «نیگا»

کە دەینووسی لەتەک هەموو وشـەیەکدا کولیلکێک دەپشـکوت و خەرمان خەرمان گوڵی دەگرت پێنووسـی و لە هەر جێیەک بووایە بەرامەی بەیاز و نووسـراوی بەو ناوەدا بڵاو ئەبۆوە.

ڕۆژێک لەسـەر چەند گوڵی سـووری هۆنراوەی کە لە جێژوانی دوو دڵدار دەیبیننەوە و لەسـەر چەپکە گوڵێکی پەخشـانی کە بە دەسـت پەیکەری گۆڕەپانی ناوەندی شـار دەبێ، حکوومەت دەیگرێ....

لەوەتی بەربووە لەبەر ئـازار و ئەشـکەنجە، تەواوی عەنـامی ئیفلیجە و کەوتۆتە جێ. بەجۆرێک کە هەموو گیانی سڕە و چاوەکانی هەمیشـە کراوەن و بە بێ چاوتروکاندن هەر بە نیگا دەتوانێ بنووسـێ و گوڵ و کولیلکی نووسـینی لە چاویەوە دەڕسـکێن و من نووسراوەکانی لەبن میچەکە دەخوێنمەوە و بۆی دەخەمە بەیازەوە.

ئەم بەیانییە کە چووم نیگاکانی بنووسـمەوە، وەک هەمیشـە لە مێژە بوو بە بن میچەکەدا هەڵکورمابوو و ژوورەکەشـی بۆنی گوڵجاری گرتبوو. بەڵام تەنیا یەک ڕسـتەنیگای بە بن میچەکەدا جێهێشـتبوو: مەرگ هیچ نیە جگە لە مەودای نێوان نیگـاکـانی ژیـان و نیگاکانی مردنم!

**موحسین سوبحانی**



(١)

## «عەوداڵ»

لەو گوندەمان هەموو کەس بە کوڕی خێوگرەکە ناوی دەبرد. باوکم دەیگوت: بەیانییەک مێردەزمەیە لە سەر کانی ڕێ لە باوکی دەگرێ. ئەویش خێرا دەرزییەکی بە ئێخەدا دەکا و بۆ هەمیشە مێردەزمە دەبێ بە یەخسیری و هەر کارێکی بوێ بۆی جێبەجێ دەکا. دوای خۆیشی وەک میراتیی دەیدا بە تاقانەکەی و وەک دوا وەسیەت پێی دەڵێ: هەرچییەکم ویست بۆی کردم و هەرچیم وت بۆی هێنام، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێی بۆ هەموو شوێنێک هەبوو. کەچی مخابن قەت ڕێیەکی نەبینییەوە بۆ ناو دەروونی خۆم!

لەو ڕۆژەوە کوڕی خێوگرەکە دەرزی ئێخەی خێوەکە ئەکاتەوە و خۆی بە تەنها، لە هەموو جێگەیەک بۆ ئەو ڕێگەیە دەگەڕێ!

(٢)

## «تالیلە»

هەر جارێ کە تەسبیحەکەی لە گیرفانی دەردەهێنا سەد و یەک فریشتە دەوریان دەدا، کە دەیخستەوە گیرفانی هەزار زرپەت ئەکەوتنە دووی؛ حاجی دەجاڵ!

**موحسین سوبحانی**

(١)

## «پشیلەکچە»

کارتۆنی تام و جێری لە سەر شاشە بە دەنگێکی بەرز بڵاو دەبۆوە. پشیلەکچە لە گەڵ جم و جووڵی فیلمەکە دەجووڵاوە و هۆشـــی لە خۆ نەدەما؛ ووردەووردە لە شـــاشـــە نیزووک دەبۆوە. چەندەمین جار بوو دایکی پێی دەکووت نابی زۆر لە شـــاشـــە نیزووک بی. ناچار دایکی هات دەســـتی گرت و دووری خســـتەوە. پشـــیلەکچە بیرۆکەیەکی بۆ هات، بە پەلە دوکمەی ئیستاپی لێ دا، فیلمەکە ڕاوەستا و چوو نێو شاشە. لە گەڵ تام شەڕە پشیلەیەکی چاکی کرد؛ هاتە دەرێ دوکمەی ڕێپڵای لێدا. شاشە دیسان وە جووڵە جووڵ کەووت، جێڕی سەری سووڕمابوو!

(٢)

## «پشیلۆکە»

فیلم کارتونی تام و جێڕی بە دەنگێکی بەرز بڵاو دەبووە.

وەک جاران مشـــک و پشـــیلە بەشـــەڕ دەهاتن.پشـــیلۆکە وێڕای جم وجۆڵی فیلمەکە هەر دەهاتوو لە شـاشـە نزیک دەبۆوە. وای لێ هات بە شـاشـە هەڵچوو.تام دەسـتی گرت و چوو نێو شاشە. لایەنی جێڕی گرت! تام سەری سووڕما. شەڕە پشیلەیەکەی چاکی کرد و تۆڵەی لە تام کردەوە.

## لەیلا خاکی



## «حیلەی شەقام»

لەبەر پەنجەرە ڕاوەستابووم و چاوم لە دەرەوە دەکرد. هەورەکان ڕووە و زەوی، ڕووباریان دەڕژاند. لەگەڵ ئەوەی چاوم لە ئاسمان دەبڕی هەورە تریشقە دنیای ڕووناک دەکرد. ئەو بەیانییە دوای ئەوەی لە خەو هەستام و قاوەڵتیم کرد، دەستێک جلی کۆنەونوێی خاوێنم لەبەر کرد، حەترێکی بۆنخۆشم لە شادەماری ملمدا، کەوشەکانم بۆیاخ کرد، دەفتەرەکەم دەستدایە و وەدەر کەوتم. ئاسمان ساو بوو و پەڵەپەڵە هەوری لۆکەیی تێدا بوو. دەفتەرەکەم لە عەرزی دانا و سواری بووم. وەک هەمیشە لافاوێکی ڕوونڕوون هەستا و دەفتەرەکەی بە منەوە بەرزکردەوە و تیژ خوڕی و دڕی بە شەقامدا. دەستی ڕاستم بەرز کردبۆوە و سڵاوم دەنارد بۆ تەواوی ئەو کەسانەی تووشیان دەبووم و زەردەیەکیشم تێکەڵاوی سڵاوەکەم دەکرد. لافاوەکەش لەگەڵ هەر سڵاوستاندنەوەی دڵی توندتر لێیدەدا و تیژتر دە دەماری شەقامدا دەیحیلاند. جەماعەتێکی زۆر ڕژابوونە سەر شەقام و بازاڕی درووشمدان گەرم بوو. دوێ شەو دەفتەرەکەم بە ڕێزەوە لەسەر ستەرکەکەم دانا، قەڵەمێکی ڕەنگاوڕەنگم دەستدایە و بۆنێکم بە دەفتەرەکەوە کرد و دەستمپێکرد. ئەمجار ئەو وەک بەلەمێک لەسەر لافاو سواری خۆی کردووم. وڵات بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ و خۆر ڕازابۆوە. دوێشەو دوای ئەوەی لە نووسینێ بوومەوە چوومە دە قەرەوێڵە و لەبەر قدیلکەقدیلکی مێشکم تا سیوادی بەیانی خەوملێنەکەوت. جەماوەری سەر شەقام تاقولۆقەیان نەبێ، ئەوەی دی بەپانەوە سڵاویان دەستاندمەوە و زیتەی چاویان دە کۆشی داوێشتم. دەڕۆیشتین و جوان دەڕۆیشتین. گەیشتە بەر دەرگای بینایەکی مەڕمەڕی لووس کە بەر دەرگاکەی بە دارودرەخت و گوڵی دەستکرد ڕازابۆوە. هیچ بۆنێکت لە گوڵەکان هەڵنەدەمیست. ئێستا دەفتەرەکەم لەسەر ستەرکەکەمە. ڕێک و جوان و ڕوو لە ئاسۆی خۆی داندراوە. قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگەکە لە نێو دەفتەرەکەدا هەڵیمساندووە. لە بەر پەنجەرە ڕاوەستاوم. پەنجەرەکە باڵام زۆر لەخۆم کورتتر نیشان دەدات. باران ناپسێتەوە.

**هیوا بەیرامی**

## «پیک نیک»

لە بەهەشـــتەوە زەنگی بۆ لێدام; کوتی ئێوارێ کە هاتی هێندێک ئاوردوو لە گەڵ خۆت بێنە!

منیش کوتم دوو قاپ شەڕابت لەبیر نەچێ!

لە دنیا کە بووین ئەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و من لە باشـــووری ئافریقا لە لووتکەی هیوای باش دا دەژیام!

یەکی ٣٦٥ درۆ و ١٢ بوختان و ٥٢ غەیبەت و ١ زیناح و ٤ دزیمان هەبوو! هەموو شـــتێکمان وێـک دەچوو جگە لە شـــوێنەزای لە دایکبوونمـان! لـە سـەحرای مەحشـــەر وێنەی ژنەکانیشمان, نیشان یەک دا. دەتکوت ئاواڵ دووانەن.

ئەو لە بەهەشت و من لە جەهەندەم!

**بیژەن ڕەحمانی**



## «دوابینی»

چەند ڕۆژێک دەبوو کە هاتبوونە خانووە نوێیەکەیان. پیاوەکە کۆنترۆڵەکەی بە دەستەوە بوو و خەریکی ڕێکخستنەوەی کەناڵە ماهوارەییەکان بوو.

کوڕە پێنج ساڵانەکەیان کراسێکی شینی مێڵ مێڵ سپی لە بەریا بوو. قژی لوول بوو و خاڵێکی ڕەشیش بە سەر تەوێڵیەوە بوو. ئەم دیوو ئەو دیووی دەکرد و بە تۆپێکۆ خەریکی بازبازێن بوو.

ژنەکە دوای تەواو بوونی ڕێک و پێک کردن و دامەزراندنی کەلوپەلەکان، ڕووەو سووچی ژوورەکەیان ڕۆیشت و درگای چەمەدانەکەی کردەوە. قاوە قاوی منداڵەکە لەو ماڵە گەورەیەدا دەنگی دەدایەوە. هەر وا بە بازبازێن هاتە نێو ژوورەکە و خۆی خستە باوەشی دایکی. ژنەکە باوەشی بە منداڵەکەیدا کردبوو و بۆی پێوە دەکرد، لەو کاتەدا چاوی بە قاقەزێک کەوت کە دوو توێ لە نێو چەمەدانەکە دانرابوو. قاقەزەکەی هەڵگرت؛ سەیری کرد نەققاشییەکە کە ڕێکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەساڵ لەوە پێش. نەققاشییەکە منداڵێکی کوڕ بوو بە کراسێکی شینی مێڵ مێڵ سپی کە قژی لوول بوو و خاڵێکی ڕەش بە سەر تەوێڵیەوە بوو. کاتێ لە گەڵ هاوسەرەکەی ڕۆشتبوونە ماڵ پیرەپیاوەکە، حەوت ساڵ لە زەماوەندییان تێپەڕ دەبوو، پیرەپیاوەکە بێ ئەوەی وشەیەک بڵێ لە سەر کورسییە بەرامبەرەکەی دایاندەنێ و دوای چەند خولەک نەققاشییەک دەداتە دەستیان. ژن و پیاوەکە بە پێکەنین و خۆشیەوە پیرە پیاوەکە بە جێدەهێڵن. ژنەکە نەققاشییەکەی دو توێ کرد و خستیەوە نێو چەمەدانەکە و درگاکەی بەست. هێشتا منداڵەکە لە باوەشیدا بوو...

**شەرمین ساڵحی**

## «خەونی جندۆکەکان»

خۆزگە لە خۆزگەی خۆزگەداران, تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش بوایە توانیبام تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە!

یا شێخە شەلەی کانی شوقاقان تەمەننام بۆ بکە!

دەیکوت ماڵی مێردەکەم ئەوەندە پیاوچاک بوون, کاتێک ماڵ و کۆچیان بار کردو ڕوویان لە شار کرد; تا ساڵێکیش جندۆکەکان دەچوونە حەوشەو دانگەکەیان, بۆیان دەگریان.

کچێ مەنیج گیان! بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکانە, هەموو درۆ دەکەن; لە کوردەواری دا قەت بەشەماڵی کچ نادەن.

یا شێخە شەلەی کانی شوقاقان تەمەننام بۆ بکە!

کچێ بە مەرقەدی شێخی برهان ئەوەی بە جحێڵی حەزلێکردوویی کردووە و ڕەدوو کەوتووە ئەلان لە لای ماڵە بابی, بەختی, زۆر بەکارترە! منی بەدبەختیش بۆ کاکم بە ژن چووم; ئەوە حاڵ و ڕۆژمە!

یا شێخە شەلەی کانی شوقاقان تەمەننام بۆ بکە!

لە سایەسەریی شێخە شەلەی کانی شوقاقان, کچە گەورەکەی ڕەدوو کەوت; بەشەماڵی لە کوڕەکانی ستاند; جندۆکەکان لە زەماوەندی کوڕە گەورەکەی دا تێر هەڵپەڕین; کچە نێونجییەکەی خۆی سووتاند. جامێکی ژەهراوی دۆکولێو دەرخواردی باربەهاکەی دا. شێخە شەلەی کانی شوقاقان لە نەردەکانی زیندان ڕەد نەبوو!

**بیژەن ڕەحمانی**



## «لایک بە تامی چێژ»

ســـاحات نۆ، کاتی دووپاتەی هەواڵە ســـەرەکیەکان بوو؛ هۆلیار ئەو چەند چرکەیەش کە مابوو تا کاتژمێر نۆ، ئینستای بە سەر کردوە و دوو سێ لایکی لە سەر وێنەکان نواند.

کات ژمێر نۆ بوو، بێژەری تەلەڤیزیۆن هەواڵەکانی بۆ بینەرەکان خوێندەوە. هۆلیار دوکمەی مۆتی لێ دا و هەردووک دەستی لە پشت سەری گرێ دا و روو لە بەری بانی لەبەر خۆیەوە کووتی: " هههە! دەزانی چیە دەولەمەندەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەریکن مێشێن دەکەن"

پزیســـکی چاوانی وا وێ دەچوو هەواڵەکانی بە دڵ نبوە.

- هۆلیار بە تەمای چ بکەی؟

- بۆ؟ بەتەمام پیاسەیەکی بچووک لە سەر مانگ بکەم.

- هۆلیار دەکرێ ئەم جار ئەمنیش بەری؟

ئەوە دەنگی ناســـکی گووڵە نازناز بوو. هـۆلـیـار ئەو گـووڵەی بە دیـاری لە ســـەفەرەکانی ئارژانتین بۆ دایکی هێنابوو. دایکی هۆلیار چەندین مانگ بوو هەرچەن پێ ڕادەگەییشـــت؛ نازناز نەدەژیاوە. وا وێ دەچوو دواهەمـین رۆژەکانی ژیانی تێپەڕ دەکا. هەر بۆیەش زۆر ژاکاو، بە چاوە لێڵەکانی خاهیشی لە هۆلیار دەکرد.

نازناز پێی وابوو؛ پیاســـەی هۆلیار لە جێگایەکی ویشـــک و برینگ وبێ ئاو کات بە فیڕۆ دانە؛ بەڵام هەموو جار پرسیاری بۆ ساز دەبوو.

هۆلیار گەڵا تەنک و ســـیســـەکانی لە باوەش گرت، بۆ لای مانگی شەوی چاردە هەڵبەزی و لەســـەر گاشـــەبەردێک هەڵنیشت.

هۆلیار گووڵەکەی لە تەنیشتی خۆی دانا و پی کوت: "نازناز هاتوو پشـووت بڕا پێم بڵێ دەگەڕیینەوە"

هۆلیار هەستا پیاسەبکا. نازناز چاوی لە هەڵبەزدابەزی هۆلیار دەکرد و چاوەڕێ جوابی پرسـیارەکەی بوو؛ بە خشـپەیەک وەخۆ هاتەوە. خەریک بوو زەندەقی بچێ.

هۆلیار کە ســـەد میترێک دوور کەوتبوو خۆی گەیاندە کن نازناز.

- نازناز مەترسـە. ئەوە شـای مارانە، زوو زوو لێرە یەکتر دەبینین.

شـای ماران، نیوە؛ مارێکی هەمە ڕەنگ و نیوە کچێکی لەبـار و دەم بە پێکەنین بوو. بە لار و لەنجە، **شـل** و **مل** دەڕۆیی. کاژی ماری بە ســـەر پێســـتی ســـپی دا کێشـــرابوو. لە پێش چاوی ناخی هەموو شت وەک کانی روون بوو.

شـــای ماران نازنازی لە ســـەر زەوی ڕا دیتبوو و پێی سەیر بوو گووڵێک لە سەر مـانگ چۆن ژیـاوە وئەو قەت نەی دیوە! بۆیەش خۆی خزاندبوو سـەر مانگ بزانێ چ بە چیە و وێنەیەکیش بۆ سـەر ئینسـتا بگرێ. شـــای ماران دەیزانی نازناز بۆ وا ژاکاوە و هاتۆتە سەر مردن. دەستووری بە مـاری ســـەر دەســـتی دا، خزیە نێو گوڵدانەکەی و بەرێک گڵەکەی هەڵشـێلا و کرمێکی هێنادەرێ و تفی کرد. نازناز خەریک بوو هۆشـــی لە خۆ بچێ. شـــای ماران بە دەم هەناسـەوە، ژیانی دووبارەی پێ بەخشـی. نازناز ژیاوە و دەم و دەست گووڵی سووری کرد.

هۆلیار خۆی سـەرزەنیشـت دەکرد کە بۆ ئەو بیرۆکەیەی نەهاتۆتە زەینی کە نازناز بێنێتە کن شـــای مـاران تـا ژیـانی پێ ببەخشـــێ. زوو لەو بیرۆکەیە هاتە دەرێ؛ دەی ویسـت دەسـت خۆشـی لێ بکا بەڵام نەی کرد و لە شـــای مارانی پرســـی: "لە خوارێ جەژن بەڕێوەیە دەزانی دی؟!"

هۆلیار بۆ درکاندنی هەســـت و ویســـتە قەتیسەکانی ئەو پرسیارەی کرد.

شـــای ماران هەســـتی قووڵی پەیتاکانی هۆلیـاری دیـت؛ بە دڵێکی پڕ لە خەم کـووتـی: "هەڵـبەت! هەر کـات لاس و خەزالەکان، مەم و زینەکان دەســـتیان لە دەســتی یەک دابێ و دارە قەیســیەکانی دم دم لە جەژنی گوڵان دابن، ئەو کـات جەژن پێویســتە! لە سـەر ئینسـتا چاوەڕی وێنەی خۆتان بە!"

شـــای مـاران کە حەزی نەدەکـرد گـفـتـوگـۆیەکە چـی دی پەل بـگـرێ بـێ ماڵئاوایی بۆ لای زەوی خزی.

**لەیلا خاکی**

## «بارمتەی ئاگر...»

ئێوارە بوو و وردە وردە زەردی خۆر خۆی لە دڵی تاریکی دەدا. کچێکی گەنج لە نێو باخەکەدا دەخولایەوە و لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد. کچەکە پێستێکی ڕەش و دەم و چاوێکی ڕەق و بێ گۆشتی هەبوو. سەر و پرچی بۆر و باڵای بەرز و لاواز، بەڵام چاوەکانی ڕەش و قەوی بوون. لە بەر خۆیەوە بەردەوام یەک وشەی دووپات دەکردەوە: بمگەڕیننەوە، بمگەڕێننەوە، بمگەڕێننەوە... دەڕۆی و دەیگوت: بمگەڕێننەوە، بمگەڕێننەوە! بیست ساڵ بوو جگە لەو وشەیە هیچ قسەیەکیتری نەکردبوو. لە تەواوی ئەو بیست ساڵەدا بنەماڵەکەی هەموو هەوڵی خۆیان بۆ چارەسەر کردنی دابوو. هەرگیز گوێی لە کەس نەدەگرت و سەیری هیچ کەسیشی نەدەکرد. سەرەڕای خواردنی دەرمانێکی زۆر، ڕۆژێ چەند جار فێی لێدەهات و ئەگەر دایک و بابی دەست و قاچییان نەگرتایە ئازارێکی زۆری بە خۆی دەگەیاند. ئەو ئێوارەیە بنەماڵەکەی دوای ڕۆژێک کات بەسەر بردن، خەریکی کۆکردنەوەی ئەو کەل و پەلانە بوون کە بۆ باخەکە هێنابوویان. ئاگرەکەیان خەریک بوو دادەمرکا و دایکی کچەکە بە تۆنگێک ئاوەوە بەرەو ئاگرەکە دەچوو. لە پڕ کچەکە دەستی کرد بە هات و هاوار و بە سەر و گوێی خۆیدا کوتان. قژی خۆی دەکێشا و ڕوو بە دایکی هەڕای دەکرد. دایکی نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوات، بەرەو ئاگرەکە یا بەرەو کچەکەی... هاوار کردنەکەی تابێ بەرزتر دەبوویەوە؛ کچەکە خۆی گەیاندە لای ئاگرەکە و بە خێرایی ئاوەکەی لە دایکی سەند؛ بە توندی بە ئاگرەکەیدا کرد و خۆی بە سەر ئاگرەکەدا خست، وەها خۆی بە ئاگرەکەوە نووساندبوو کە دایک و باوکی بۆیان بەرز نەدەبووەوە. کاتێ هەڵیانساندەوە زیپە لە دایکی بەرز بووەوە، باوکی لە جێی خۆیدا ویشک ببوو و بێ جوڵە لە عەرزەکە کەوتبوو...خوشکە بچووکەکەی باوەشی بە باوکیدا کردبوو. هەموویان زۆر سەیر تماشایان دەکرد، کچەکە بە پێستێکی سپی و دەم و چاوێکی گۆشتی و باڵایەکی ڕێک، بە چاوە قەوییە ڕەشەکانیەوە بۆیانی دەڕوانی و پێدەکەنی...

**شەرمین ساڵحی**



## «تووژکی نەمر»

لە پشتی دیوارێکی سوور کە شیعرێکی کاڵەو بوویان بە ڕەنگی ڕەش پێ خوراندبوو، جلەکانی لە بەر کرد، پێڵاوەکانی خستە سەر پێ هاتە دەر بەڵام دوای ئەوەی کە خۆی لە نێو ویترینی دوکانەکان بینی بە پەلە پەل گەڕایەوە بۆ لای دیوارەکە و کراسە سەوز و شەرواڵە شینەکەی گۆڕی؛ پێی وابوو بڕێک لە پشتەوە دیارە و وەکوو تۆقلە بەرزبۆتەوە، بۆیە تیشێرتە سوورمەییەکە و شەرواڵە ڕەشەکەی پۆشی و جامانە سوورەکەشی دە ملی ئاڵاند. ئەو کات کە دەیەویست لە دایک بێت، دایک و باوکێکی دەوڵەمەندی ئەورووپی لە شاری نیۆیۆرک یان پاریسی هەڵنەبژاردبوو، هەر ئەوسا پێی خۆش بوو لە نێو کەیاسە و شپرزەییدا گەورە بێ، ناراو و نەگبەتی بەرە بەرە نان و چایان پێ دابوو و گەورەیان کربوو، ناویان نابوە(( عەین)) کە وەکوو کوڕی دراوسێکیان((عەوداڵ)) جوان چاکێکی دلێر و شۆخ و چەلەنگ بێت. نە ماشێنێک، نە بناغە و بنچینەیێک،نە تەنانت دیوێکی تاریک و سارد و پڕ لە مێروولەیێک و نە هەزاران شتی دیکە! هیچی نەبوو جگە لە جانتاییێک و تووژکێکی عەنتیک کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەس پێ کردنی ژیانیەوە لە نێوشانیدا خۆی گونجاندبوو. خۆی وای دەکوت کە ئەمە تووژکێکی سیحراویە و ڕۆژێک بەختەوەرم دەکات بۆیە قەت دەری نەدەهێنا و نەیدەویست ڕزگار کرێ.

ئەو تووژکە بە هەر هەناسەیێکی عەین گەشەی دەکرد، دەسکەکەی ڕژدی دەکرد و تیشیەکەی پتر دەبوایەوە، ئەوەندە بڕندە بوو کە زامەکەی نێوەڕاست پشتی قووڵتر دەکردەوە و کزەی لە ناخی زۆرتر دەکرد، تووژک گەورەتر بوو و بە تەواوەتی پێ گەیی وەها کە هێواش هێواش خەریک بوو جەرگی کون بکات و لەم دیوی دڵیەوە باتە دەرێ،ئەوسا کاتی زیز بوون بوو، کاتی ماندوو بوون لە خۆی؛ دەستی بردە سەر دەسکە ژەنگاوی تووژکە عەنتیکیەکەی و لە ناکاو خوێن وەکوو چۆن بەفر و سەهۆڵ ببێتە ئاو و لە لووتکەوە سارێژ ببێت و خوڕڕڕڕ بێتە خوارێ؛ لە پشتی عەینیشدا بەر بووەیەوە، تووژکی دەرهێناو فڕکی دا و هەناسەیێکی قووڵتر لە زامەکەی هەڵکێشا بەڵام هەم دیسان هەستی بە بڕینی ناخی کرد، سەیری دڵی کرد و بینی کە تووژک لە دایک دەبێتەوە!!

**سەدەف فرووغی**

## «مەگیرانی»

دوایین ژانەکانی پێش منداڵبوونی دەهات; یەک بەخۆی هاواری دەکرد: عەدنان! عەدنان! وەرە چۆنت تێخستووە; ئاواش دەریهێنەوە!

لە ماوەی ئەو ٩ مانگەی دووگیان بوو مەگیرانی بە هەنار و بۆنی بێنزین دەکرد.

عەدنان هەموو جارێ کە ئیستیکانێکی بێنزین بۆ تێدەکرد; بۆنی پێوەکا; هەنارێکیشی بۆ دەکێشاوە و دەیدایە بیخوا.

پیاو کوشتن بۆ کوڕی عەدنان وەک ئاو خواردنەوە وابوو; تەنیا جارێک, خەمی کوژراوەکەی دەستی خۆی بوو; ئەویش ئەودەم بوو کە منداڵێک لەسەر تەرمی بێ گیانی دایکی, مەمکی دەخوارد.

ڕۆژی هەینی لە سەیرانگەی کانی بەهەشت لەسەر ویستی پیرۆزی دین, خۆی تەقاندەوە!

**بیژەن ڕەحمانی**

(١)

## «ڕستە چیرۆک "لە جەحەندەم"»

دەستێکی لەسەر شانم دا و گوتی: "پیرۆزە! ڕەتبوونەوەی داوای مافی پەنابەرییەکەت لە بەحەشت!"

(٢)

## «مانگی شەرمێ»

ئەو کەسەی چووبوو لە چێشتخانەیەک نانی خواردبوو و، لە ڕووی هەڵنەهاتبوو بە خاوەنەکەی بڵێ: "چێشتەکەم مووی تێدایە" کورد بووە.

(٣)

## «هۆشیاری»

لە بەحەشت بەتاوانی ئەوەی ژیانی سەر عەرزی لەبیر مابوو و، دەیهەویست وەبیر ئەوانی دیکەشی بێنێتەوە، لە زینداندابوو.

**ناسر فەتحی**



(١)

**«بازنە»**

زارای شازدە ساڵان لەو کاتەی ببوو بە بووک زارا، مانگی شەرمی لە ئاسمانی ژیانی بە بزمار کووتابوو. شەش بازنەی زێڕ بە نەقشی گووڵی وورد کڕی بوو کە داییم لە بن قۆڵی کراسەکەی خۆیان هەشار دەدا. تەنیا لە کاتی دەست نوێژ هەڵگرتن ڕوویان لە ڕۆژ هەڵ دەهێنا. باوکی ڕۆژێک گاسی کردە سەر هەیوان. کاتێ قسەی دەکرد بووک زارا ئەنگووستی لە سەر گوڵێکی بازنەکان دەدوا. سەرەتا گووڵێکی بەرآوەرد کردوە دوایە گەییشتە مارپێچێک؛ باوکی دەیگووڕاند؛ دوایە گووڵێکی تر؛ خەسووی دەی سەڵماند؛ مارپێچێک؛ خەزووری دەی نەڕڕاند؛گووڵێکی دی؛ دایکی دەیپۆشاند؛ مارپێچێک؛ کاکی...

بووک زارا نەیدەزانی بۆ گووڵەکان کۆتاییان نایە!؟

(٢)

**«ئاوێنە»**

- بە شیرەی پرسیاران دموو چاوم شوشت.

- بە شێرە یان شیرە؟

- بە شێرەی شیرە

- دەی؟

- دەی نا دوازدە. کووڵی بووا!

**لەیلا خاکی**

## «بیرەوەری خوێناوی چاوێک»

**- خەریکی چیت؟**

بەم چیلکەی دەستت تەنیا ئاگرەکەی بەردەمت خۆش دەکەی، ئەی ئاگرەکەی ناخت چی ؟

دەست هەڵگرە، ئەم زەمەنە زەمەنی لەبیر چوونەوەیە، مرۆڤ پێویستی بە زەهایمەرە، دەست هەڵگرە یادەوەریەکان لێت بوون بە میلی کاتژمێر لە دەوری سەرت دەخولێنەوە، ڕۆژ تا ئێوارە لە سفرەوە دەست پێ دەکەی و بە سفر کۆتایی پێ دێنیت. دەست هەڵگرە، بۆ هەردەبێ کۆخە لە کۆمەڵێ یادەوەری بە ئاگات بێنێت؟ وەرەوە هۆش خۆت، جگەرەکەی دەستت خەریکە پەنچەکانت بسوتێنێت، بە دیار خەیاڵەوە لە بیرت چووە مژی لێ بدەیت.

بیرتە؟ شەوێکی وا بوو، دونیا ئەنگوستە چاو بوو، دەنگی گڤەی با دەنگی خشپە خشپی پێی چەقەڵەکانی دەشاردەوە، لە پشت بەفرە تۆپەڵ بووەکە بە دزی جگەرەت دەکێشا، نەکا دوژمن تروسکایی جگەرەکەت ببینێ و شوێنت بزانێت، خۆتت گرمۆڵە کردبوو، خۆتت ئامادەکردبوو بۆ شەڕ، ئارپێچیەک، چوار ڕومانە، هەشت مەغزەنی کلاشنکۆفێکی مزەلی و دەمانچەیەکی دەسک سور، ئەو کاتەی هەستت کرد یەکێ بەرەو لات دێت، گوللە ئارپێچیەکت پێوەنا، دونیا وەک یەک پارچە ئاگری لێ هات، تۆ ئەوکات سەرتیپ بوویت، هەرچەندە تۆ نەت دەویست هیچ پۆستێک وەربگری، لە بەر شارەزای چەند ساڵەت لەم نوقتەیە دایان نابوویت، کاتێک ئامیرکەرت جیهازی کرد و گوتی هەڤاڵ دلێر ئەوە چی بووا، بە دەنگێکی بوێرانە گوتت: وەرە و ببینە. کاتێک هات هیچی نەبینی، هەرچەند بۆت ڕوونکردەوە، کە لەم خوارەوە کەسێک بەرەو لای ئێمە دەهات باوەڕی پێت نەکرد. گوتی: هەڤاڵ دلێر تۆ لە ترسان ئارپێجیت تەقاندووە ، تۆش بێ ئەوەی لە هیچ بترسی شۆڕ بویتەوە تەنیا خۆت و دەمانچەکەت، دوای کەمێک قاچێکت لە دوای خۆت ڕادەکێشا بەرەو سەرەوەت دەهێنا، بە سەر سەری هەمووان دەت نەڕاند، من دەترسێم هااا من؟

دەنگی گولە بیکێسی دوژمن تێکەڵی دەنگت بوو ، هەموو هەڤاڵان شوێنی خۆیان گرت، دوای چەند کاتژمێر شەڕ ١کردن خەریک بوو دونیا ڕوناک دەبووەوە، تۆ و هەڤاڵ کەمۆ چەند هەڤاڵێکی تر لە ڕیزی پێشەوە بوون، لە نوقتەی دوای ئێوەش هەڤاڵ حاجی و هەڤاڵ جەمشید داندرابوون تا لەکاتی کشانەوە پشتیان پێ ببەستن، دوای ئەوەی هەڤاڵ جەمشید بریندار بوو، هەڤاڵ حاجی

بێ گوێدانە بەرپرسیاریەتی نوقتەکەی چۆڵ کرد، هەڤاڵ جەمشیدی گواستەوە بۆ دواوە، تاکو ڕزگاری بکات ،دوژمن لەم نوقتیە هێرشی بۆ هێنان. ئەزانی ئەو کاتیش وەک ئێستا حەزت دەکرد بە پێوە بێیت و بچیت، بە دانیشتن بێزار دەبووی تا وای لێ هات لەنزیکتان بەزەوی کەوت، لەسەر پشت کەوتیت، هەڤاڵانت تۆیان بەجێ هێشت وایان زانی شەهیدبوویت، تۆش بە برینداری کە توانای هیچت نەبوو لە پاڵ شەهیدێکی تر خۆت مەڵاس دابوو، کاتێک هەواڵی شەهیدبوونت گەیشتە سەرەوە، فەرمانیان کرد گەر بە مردوویش بێت لاشەکەت بگەڕێننەوە تا لە ڕێوڕەسمێکی جوان بە خاکت بسپێرن. سەیری ئاسمانت دەکرد، بەڵام چ سەیرکردنێک؟ جیا لە ڕۆژانی دیکە چاوێک تەنیا سوور نیشان دەدات، ئەوە سووری خوێنی خۆتە. چاوەکەی تریشت لە بەر فرمێسک دونیا بولێڵە نیشان دەدات، ئایی مەرگ چەند شیرنە ئەوکاتانە! کە چەند چەکدارێکی دوژمن دەوریان دایت تۆ خەریک بوو ئەڵقەی ڕومانەکەت بەرز دەکردەوە، دەتویست، هەر لێت نزیکتربوونەوە ڕایبکێشیت و ئەوانیش لەگەڵ خۆت بکوژی، بۆ ئەوەی بە برینداری و زەلیلی نەکەویە دەستیان. نەت توانی ئەو کارە بکەی ! هەڤاڵ جەیلان ئەو ژنە ئازایە بە خۆی و چەند هەڤاڵێکی تر تۆیان رزگار کرد، بە برینداری تۆیان گەیاندەوە ناوچەکەی خۆیان. بیرتە نیوەڕۆیان لە ژێر خێمەیەکی بیست و چوار ئەستوندەگی نیوەڕۆیان کۆدەبوونەوە ، تۆش بە شقارتەکەی دەستت سێکوچکەکەت دادەگیرساند، کە بە پاشماوەی ئێوە کاری دەکرد، ئەو چاڵەی پیساییتان تێی دەکرد، دوای ئەوەی پڕدەبوویەوە، سەرەکەیتان دەگرت و تەنیا سۆندەیەکتان لەناویەوە بۆ دەرەوە ڕادەکێشا و سەرەکەی تری سۆندەکەتان لەسەری سێکوچکەکە دەبەست، تاوەکو بە گازی ئەو پیساییە ئاگر بکەنەوە. تۆیان گەڕاندەوە ژێر خێمەکە نەتدەزانی چەند ساچمەت بە گیانەوەیە، دەستی چەپت لەسەر شانەوە تا نوکی پەنچەکانت خوێنی لێ دەچۆڕا، لای چەپی دەم و چاوت پارچەیەک گۆشتی خوێناوی بوو، تەنیا داوای ئاوت دەکرد ، کە هەڤاڵ جەیلان مەتارەکەی پێ دایت دوای چەند قومێک هیچ ئاو نەچووە گەروت هەمووی لە مەڵاشوت دەهاتە خوارەوە، هاوەنەکە هەنجن هەنجنی کردبوو، تۆ تەنیا برینداریێک بووی

هیوایان دەخواست مردبایت نەک بە برینداری ببیتە ئەرک بۆیان، بە ناچاری تۆیان لە پشتی هێستریێک بەستەوە و لەگەڵ چەند برینداریێکی تر ڕایان سپاردن بە ڕێبەریێکی سوریی تا بتانگەیەنێتە سوریا بۆ چارەسەر، تۆیان ڕاسپاردە کەسێک کە نیشتمانەکەی خۆی دەفرۆشێت تا بژیەت، چۆن ئێوە سەرگەردان ناکات بۆ دیناریێکی زیاتر؟

ئەوەنیە وای کرد! ئێوەی ڕادەستی سوپای تورکیا کرد. سوپایەکی زۆردار، کە تەنیا بایی ئەوەندە چارەسەریان کردی بژی و ددانپیێدانان بکەی.

دوای شەش ساڵ زیندانی لە زیندانەکانی تورکیا کە زانیان هیچ شتێکت لێوەچنگ ناکەوێ ئازادیان کردیت، بەڵام دوای چی؟

ئێستا تۆ کەم ئەندامێکی نە سودێکت بۆ شۆرش هەیە نە بۆ خۆشت، بە چاوێکی کوێر و بە دەستێکی لەکار کەوتوو دوا شوێنی تۆ ئەم چێشتخانە بچووکەیە، لە کۆڵیتی مریشک دەچێ، ئیتر بەسە ئەم چیلکەی دەستت فڕێدە ناو ئاگرەکە تۆ لە جنسی ئیبلیس نی ئەم ئاگرەی بەردەمت ئاگری ناخت ناسوتێنێت، ئەی ئادەمی تۆ لە قوڕی گۆزەی، بسوتێ تا پتەو بیت ، فرمێسکی یادەوەریەکانت گلدەوە ، گشت مردوویەک پێویستە بشۆرێ دەی بە مردوو شۆری خۆت.

**جێگر بەختیار**

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٌّ ٓ ٌَ ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:


لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ، نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!


ZAIDA

# تیۆری

## «شێوازی رئالیسمی جادوویی»

**مریەم قازی**

هاوتای ئینگلیسی دەستەواژەی رئالیسمی جادوویی majic realism کە شێوازێکە لە سەدەی ئێستادا سەرنجی پێدرا، سەرەتا با ئەوەمان وەبیر بێتەوە کە رئالیسم شێوازێک بوو کە لەودا بەرهەمە هۆنەرییەکان بەسەر بنەمای واقعەکانی کۆمەڵایەتی دادەرێژران و نووسەر و هۆنەرمەند بە بێ هیچ قەزاوەت و دەخالەتێکی سەلیقەیی وەکوو بگێڕەوەیەکی بێدرۆ ئاوێنەیەکی بۆ خوێنەر لە بەرابەر کۆمەڵگاکەی رادەگرت، خۆلیا و خەیاڵ هیچ جێگایەکی لە چیرۆکی رئال دا نەبوو، بەڵام چەشنێک رئالیسمی تا ڕادەیەک تاریف نەکراو لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بە رابردوویەکی دوور و درێژەوە هەبووە کە لانی کەم هەموومان بیستوومانە، ئەو چیرۆکانەی کە هەموو قارەمانەکانی ئاسایی بوون بەڵام یەک یان دوودانەیان سەمەرە وجیاواز و خاوەنی وزەیەکی تایبەت بوو کە ئەوانیش دەبوونە یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆک و ئێمەباوەڕمان دەکرد و ئەویش پرۆسەی چیرۆکی دەبردە پێش، ئەو چیرۆکانەی دایەخانم و باپیرمان رەنگە بە دەیان جار بۆیان گێڕابێننەوە. ئەم چیرۆکانە زۆرتر شفاهی بوون و بەرە بەرە هاتبوونە پێشێ، بەڵام دیسان ئەوە رۆژئاوا بوو کە ئەم شێوازەی لە مێژووی دوور و درێژی مرۆڤ دەرکێشا و تئۆریزەی کرد، لە دنیای سینما و ئەنیمێیشێندا وەکوو چیرۆکەکانی دنیای واڵت دیسنی و زۆر فیلمی سەدەی ئێستادا خۆیان نیشانداوە، بەڵام لە دنیای مۆدێرنی رۆمانیشدا لە ئامریکای لاتین وەکوو گابریل گارسیا

مارکێز و کالۆس فۆئێنتێس، خورخە ماریا ئارگۆئە دەس لەپاشان زۆر نووسەری ئێرانی وەکوو مونیرۆ رەوانیپوور بە رۆمانی ئەهلی خنکان، غوڵامحوسێنی ساعیدی بە کتێبی تازییەبارەکانی بییەل، رەزا بەراهەنی بە کتێبی رۆژگاری جەحەندەمی ئاغای ئەیاز ، ئاوازی کوژراوەکان، نەهێنییەکانی وڵاتی من، مەحموود دەوڵەت ئابادی بە کتێبی رۆژگاری بەسەرچووی خەڵکی بە ساڵداچوو و لە کوردی دا بەختیار عەلی بە رۆمانی دوامین دانەی هەنار و شاری مۆسیقارە سپییەکان و .... ئەم شێوازە بێناو نیشانەیان زیندوو کردەوە.

لە شێوازی رئالیسمی جادوییدا لە لایەک ڕا دەگەڵ گێڕانەوەی واقعەکانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە رئالیسمەوە هەیە لە لایەکی دیکەش ڕا بە لە کار گرتنی هێندێک لە عەناسوری چیرۆکەکانی عامیانە و مەزن و سەمەرە لە سیحر و جادوو نزیک دەبێتەوە، لە چیرۆکی رئالیسمی جادوییدا هەموو شت ئاساییە و تەنیا عونسورێکی غەیری ئاسایی و سەمەرە لە بافتی چیرۆکدا دەبیندرێ.

رئالیسمی جادوویی بەرهەمی بەرەوڕوو بوونەوەی شارستانییەتی رۆژئاوا و سوننەتی ولاتانی جیهانی سێهەمە کە وڵاتانی دواکەوتووی ئامریکای لاتین دەسپێشخەری ئەم شێوازە بوون و هەر بە زۆوە پۆست مۆدێرنەکان خواستیانەوە کە خەریکی بردنە ژێر پرسیاری دەرنجامەکانی نالەباری ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، ئینسانی بوون لە دنیای مۆدێرندا بە ئاوڕدانەوە بە بەشێک لە میراتەکانی سوونەتی.

بەر لەوەی کە ئورووپاییەکان وڵاتانی ئامریکای لاتین بخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعمارگەرانەی خۆیان، دانیشتوانی ئەم ناوچانە مەودایەکی زۆریان دەگەڵ شارستانییەت و فەرهەنگی پێشکەوتووی رۆژئاوادا هەبوو و لە ژێر سێبەری داب و نەرێت و بۆچوونی لە مێژینەیەی خۆیاندا دەژیان، ئەو شتانەی کە لە روانگەی وڵاتانی پێشکەوتوو خۆڕاقە و دواکەوتوویی نێودێر دەکرا، ئەوان بەوپەڕی پێبەندی ئایین و مەراسیمی ئایینی و باوەڕە کۆنەکانیان بوون و ئوستوورەکانیان زۆر باشتر لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەناسی و دەپاراست، بە پەرە ساندنی سەنعەت و تێکنۆلۆژی هاوردەیی بۆ ئەم وڵاتانە دانیشتوانی ئەم وڵاتانە و وڵاتانی دواکەوتووی تری دنیا مات و حەیران لەم هەمووە دەسکەوتە لە نێوان سوونەت و مۆدێرندا پێوە بوون کە ئەم دژبەرەکانییە کاردانەوەی لە بەرهەمە ئەدەبی و هۆنەرییەکانیشدا دەدیترا، نووسەرانێک سەرییان هەڵدا کە بە نووسینی چیرۆکەکانی واقعگەرایانە کە هاوکات خاوەنی هێندێک عەناسور و توخمی سەمەرەی سەرسوڕێنەر بوون کە

ریشەیان لە ئوستوورەکان و باوەڕە تایبەتەکانی خەڵکی خۆیاندا هەبوو کە لە هەمانکاتدا کە لە شێوازی رئال جیا دەبووە لەهەمان کاتیش دا زایەڵەیەک بوو بۆ نەتوانەوەی بە یەکجاری تەواوی دەسکەوتە و سوونەتەکانی لە مێژینەی وڵاتان لە کوورەی پرتینی مۆدێرنیدا، نووسەرانی رئالیسمی جادوویی وەها ئەم توخمە نائاسایی و سەمەرانەیان سروشتی و ئاسایی دەنواند کە پێویستیان بە هیچ شرۆڤەیەکی زیادی نەبوو و خوێنەر ئەو توخمانە هەوەکوو توخم و عونسورێکی ئاسایی دەسەلماند، پاڵپشتی سەرەکی رئالیسمی جادوویی خەیاڵە، ئوستوورەکان ، هێما و نەهێنییەکانی خەڵکی ناوچەیی و بوومی هەرێمێکی شیاو و لەبارە بۆ چالاکی خەیاڵ و هەر بۆیە رۆر نووسەری کارامەی وڵاتانی دواکەوتوو ئەم پۆتانسیۆلەیان دۆزییەوە و کەڵکی بەجێ و داهێنەرانە و هۆنەرمەندانەیان لێوەرگرت، هەروەکی کوتمان نووسەرانی رئالیسمی جادوویی پێداگری زۆریان هەیە بەسەر عونسور و توخمی سەمەرەیی تا بەردەنگی خۆیان تووشی سەرسوڕماوی بکەن . وەکوو چەندانە لە کەسایەتییکانی دوامین دانەی هەناری بەختیار عەلی و یەکێک لەوان یەعقووبی سنەوبەر کە هەرکات درۆی دەکرد بای دەهات، یان چاوی لە ئاسمان دەکرد شتێک رووی دەدا و مەمەد دڵ شیشەیی و جووتە خوشکەکان هەموو ئەو کەسایەتییە سەمەرە و نائاساییانەن کە لە چیرۆکدا وەک عونسورێکی ئاسایی دەور دەگێڕن. نووسەرانی رئالیسمی جادوویی بۆ گەیشتن بە ئەم چەشنە بابەتە شێواز و فێڵی جۆربەجۆریان هەیە کە یەکێکی دیکە لەوان کەڵک وەگرتن لە عونسوری موباڵغە و ئیغڕاقە کە نووسینی ئەو چەشنە بابەتە بە جۆرێک کە باوەڕیش بکرێ کارێکی زۆر ئەستەمە تا نەبێتە شتێکی کارتۆنی و کۆمێدی. شێوەیەکی دیکە لە چۆنێتی دارشتنی رئالیسمی جادوویی ئەوەیە کە نووسەر رووداو یان ئەکتەرەکانی غەیری واقعی بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەکانی زانستی بە شکڵێکی ورد شرۆڤە بکا بە چەشنێک کە خۆێنەر ئاگا نەکا خەریکی خۆیندنەوەی شتێکی غەیری واقعی وخەیاڵییە.دەروونمایەی بنەڕەتی چیرۆکەکانی رئالیسمی جادوویی زۆرتر توند و تیژییەکانی سیاسی، ژینۆساید، هەژاری و بێدەرەتانی، تەبعیزی نیژادی و گەڕان بە دوای شوناسی نەتەوەییە.

با ئەوەشمان لەبیر بێ دەستەواژەی رئالیسمی جادوویی بۆ یەکەمجار لە لایەن " فرانس رۆ" هۆنەر ناسی ئاڵمانی لەکار گیرا و دواتر لە ساڵی ١٩٤٩ ز. لە لایەن " ئاڵخۆ کارپانتیە" دانیشتووی کوبا لە ئەدەبیات دا هاتە گۆڕێ.

لەم شێوازە دا ئولگووکانی واقعی تێکەڵاوی عەناسوری خۆلیا و سیحر و

وەهم دەبێ و دیاردەیەکی نوێ ساز دەبێ کە شێوەی هیچکام لە عەناسوری سەرەتایی خۆیان نادەنەوە و کەسایەتێکی و شکڵێکی سەربەخۆ پەیدا دەکەن بەڵام بە پێچەوانەی سوررئال پەیوەندی نێوان واقعییەت و ئەم جیهانە سیحراوییە هێندە سروشتی دادەڕێژرێ کە تەواوی ئەو سیحر و خەیاڵ و خۆلیایانە واقعی دەنوێنن و بە هیچ شێوە وەک چیرۆکی تەخەیولی ناچن، واتە ئەوەندە لە واقعە مەودا ناگرێ کە بیهەوێ حاشا لە راستییەکان و واقعەکان بکا، واتە عەناسوری سیحر و جادوو و خولیا زۆر کەمڕەنگترە لە واقعە و راستییەکان، کەوابوو بەردەوام باری رئالیستییەکەی زۆرترە و هەر پشتی بە رووداوەکان و کارەساتەکان و ... رۆژانەی ژیانی کۆمەڵگاکانە کە ئەم رووداوانە زۆر گەورە و بەرچاو دەکرێنەوە و لە هێندێ جێ لە عەناسوری غەیری واقعی کەڵک وەردەگرێ کە وابوو تەوسیفی جار و بارەی سەمەرە لە هێندێک لە شوێن و کات و کەسایەتێکان دەبێتە بەشێک لە کاری شێوازی رئالیسمی جادوویی. لە شێوازی رئالیسمی جادووییشدا عەقڵ تێکدەشکێ و رووداوەکان بۆ وێنە هاتنی با لە کاتی درۆ کردنی یەعقوبی سنەوبەر لە دوامین هەناری دنیادا، بەر مەبنای عەقڵ و مەنتیق نیە. سەبارەت بە absurd یان مەنتیقی پووچی یان پووچ نواندن دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەم هۆیە کە زەینی مرۆڤ تابعی نەزم و ئینسجامە، دەبێ نووسەری ئەم چەشنە دەقانە ، بێقاعیدەگی و بێنەزمی و ئوستورە و سیحر و سەمەرەیی جۆرێک لە دەقدا رێکخا کە خوێنەر ئاکای لەم دابڕانە نەبێ و چۆنییەتی چوونە دەری واقعییەت لە سەیتەرەی عەقڵ و بەرچاو بوونەوەی ئەم چوونە دەرە لە تاریفی رئالیسمی جادوویی دا زۆر گرینگ و هەستیارە. واتە نابێ لەو کارەدا تووشی ئیغڕاق و زێدەڕەوی بێین، بۆ نموونە کاتێک دە ڵێین هەوای هێندە تەڕ و بڕ بوو کە ماسییەکان لە پەنجەرەی باکوورەوە وەژوور دەکەوتن و لە پەنجەرەی باشووری ماڵێ دەچوونەوە دەرێ ، ئیتر هەرگیز نابێ ئەو درۆیە بەدواداچوونەوەی بۆ بکرێ، دووبارە کرێتەوە یان لێکدانەوەی بۆ بکرێ چۆنکە شرۆڤەی ئەو درۆیانە دەبێتە خەسار بۆ چیرۆک. کەوابوو لە چیرۆکی رئالیسمی جادووییدا لە نێوان جیهانی راستەقینە و جیهانی تەخەیولی کەسایەتییەکان سنووربەندییەکی تایبەت نیە، هەر بۆیە دەکرێ بڵێین رئالیسمی جادوویی حەولێکە بۆ بە وێنا کردنی دنیا بە شێوەیەکی نامەعقووڵ بەڵام بەم جیاوازییە کە دەبێ ئەوپەڕی عەقڵانییەت لە کارخا بۆ ئەم داڕشتنەوەیە تا ئەو جێگایەی کە هەست بکەین هەموو شت راستە. بۆ ئەو کارە باشترە ناوی کات و شوێنەکان وەک خۆی بێتەوە بۆ نموونە رووداوێکی جادوویی لە مەهاباد لە ساڵی

١٩٢٤ روویدابێ . ئەگەر وانەبێ خەسلەتی رئالیستییەکەی پاک دەبێتەوە و دەبێتەوە چیرۆکێکی خەیاڵی و سوررئالیستی. بۆ داڕشتنی چیرۆکی رئالیسمی جادوویی دوو دیارە زۆر گرینگە:

ـ لەحن ( tone ) لەم چیرۆکانەدا دەورێکی بەرچاویان هەیە، بۆ وێنە بە هاورێیەکتان بە لەحنێکی توند و باوەڕ پێکراو دەڵێن: ئەورۆ هەزار جارم زەنگ بۆ لێدای هەڵت نەگرت، بەتەنی بە شەقامەکانی تاراندا ئاوارەت کردم تۆنێکم دووکەڵ خوارد و کارەکەشم جێبەجێ نەبوو، چۆن ئەوەندە بێ موبالاتی؟

ئەو وتەیە درۆیە و بۆی نیە هەزار جاری زەنگی لێدابێ یان تۆنێکی دووکەڵ هەڵمژیبێ، بەڵام لەحنەکە هێندە ئاسایی و بە تووڕەیی کوتراوە کە ئیتر بۆی نیە بیر لە درۆ بوونی ئەو وتەیە بکەینەوە، لەحن دەگەڵ زمان و شێواز جیاوازە ، لەحن ئاوێتەی هێندێ سیفاتە وەکوو کنایە، هەتک، پرسیار، لۆمە، شک، گاڵتە، باوەڕ و ... لەحن ئاهەنگی هەستەکانی وێژەرە و تەواو لە مەبەست و نیەتی ئەو پەیڕەوی دەکا، لەحن ساز کردنی فەزایەکی تایبەتە لە کەلام و وشەدا، لەحن واتایەکی نزیک بە شێوازی هەیە، کەسایەتییەکان لە رێگەی زمان و لەحنەوە خۆیان دەناسێنن و پەیوەندی دەگرن . کەوابوو لەحن روانگەی نووسەرە بە نیسبەتی بابەت و دەق و دەتوانی رەسمی بێ، دۆستانە بێ، بێ ئەدەبانە بێ، تەوساوی بێ و ... ئامێری کاریگەر لە لەحندا یانی چۆنییەتی هەڵبژاردنی وشەکان و رستەکان و دەستە واژەکانی شیاو و بەجێ و داڕشتنی کەسایەتی چیرۆک بە تایبەتمەندی حیساب شودە بە ساز کردنی لەحنی بە جێ. کەڵک وەرگرتن لە شیگردەکانی ئەدەبی و کاریگەر بۆ وابەستە کردنی لەحن بە تەرح ( پیرەنگ ) ی داستان و چیرۆک، وەکی لەحنی رۆمانی " سەدساڵ تەنیایی" زۆر جیاوازە دەگەڵ رۆمانی " لاڤاوی گەڵا" .کەوابوو لەحن لە چیرۆکی رئالیسمی جادوویی دەورێکی بنەڕەتی دەگێرێ و دەبێ بتوانێ دیاردەکانی زەینی و فەراحیسی نووسەر هەرچەند کە بێ بنەماش بێ، راستەقینە بنوێنێ ، لەحن بە شێوەیەک لە عونسوری ئیغراق و زێدەڕەوی کەڵک وەردەگرێ کە خوێنەری بە قەناعەتی راست بوونی دەق بگەیەنێ واتە فریوی دا.

ـ زەرب ئاهەنگ (rhythm) هەروەها دەورێکی تایبەتی لە چیرۆکی رئالیسمی جادووییدا هەیە، زەرب ئاهەنگ رادەی توندی یان شلی کەلامە و هەمان سورعەتی لەحنە نەک خودی لەحن و دیاردەیەکی زەوقی نیە و تابعی قاعیدەی خۆیەتی و دەبێ دەگەڵ حاڵ و هەوای کەسایەتییەکان گونجاو بێ واتە لە کاتی هەیجان و هەستیاریدا زەرب ئاهەنگی وشەکان توند و هەیەجانییە، لە کاتی هێمنایەتیدا ئارام و عاتیفییە و ...


Feuilleton
Allgäuer Anzeigeblatt

## چیرۆکی میوان

**«دەرهێنەرەکانی داهاتوو»**

" دەیەمین و دوا داواکاری پاش مەرگم ئەوەیە، کەلەسەرێکی پلاستیکی ڕاست بە قەد سەری خۆم، بە سەری گژی دارێکەوە گرێ بدەن و ڕاست لە تەنیشت گۆڕەکەمدا بیچەقێنن."
لەگەڵ تاریک بوونی ژوورەکەدا، لێفەکە بە سەر خۆیدا دەکێشێ :
" ئەوەش بۆ دەرهێنەرەکانی داهاتوو. باشترین دیاری بۆ تەرمی پیاوماقووڵێکی وەک من هەر ئەوەیە. "
بۆ دوایین جار و پێش ئەوەی بە تەواوی خەوی لێ بکەوێ، "توبی هوپێر" و فیلمەکەی وەبیر دێتەوە:
"ئیدی هیچ دەرهێنەرێک بە لای کەلەسەری مندا نایە..."
نەرمەبزەیەک دێتە سەر لێوی و پاش هێندێک چاوەکانی وێک دەنێ.

**هێمن عەبدوڵڵاپوور**

## «دوکتۆرە بۆشناخە ئاشتیخوازەکە»

سێ ساڵە سمکۆم خۆش ئەوێ و دواجار بووم بە دەزگیرانی؛ تەنها حەوتوویێکە. ماڕاتۆنێک بوو بۆ خۆی! چی کچی زانکۆ بوو تیایدا بەشدار بوون.

**دەست ئەبەی کاپۆچینۆکەی هەڵئەخزێنیتە بەردەمت. بە بزەوە لێی ئەچێژی و دەمت ئەتەقێنیت. شیرمۆزەکەی خۆشت ئەبەیتە بەردەمی و بە برۆکانت، هەمان کردەوەی لێ ئەخوازیت.**

سمکۆ مامۆستای زانکۆیە؛ لە تاران خوێندوویەتی و دوکتۆرای مێژووی وەرگرتووە. کاتێک لەسەر پۆل وانە ئەڵێتەوە، هێندەم کەیف پێی دێ مەپرسە؛ دەڵێی هەر لە بنەڕەتدا کورد نەبووە و لە تاران پێگەییوە.

**ئەویش بە هەمان شێوە نەیەکە ئەخاتە بەینی لێوەکانی و لە شیرمۆزەکەت ئەچێژێت. دوابەدواش دەمی ئەتەقێنێ و گوڵەبەڕۆژەی سیمای ئەکرێتەوە؛ ئەڵێی هەتاوی زستانە بەری تیرێژی چۆڵ بووە.**

سمکۆ پیاوێکی تا بڵێی بۆشناخ و تەڕپۆشە؛ قات لە دووی قات ئەیڕەنگێنێ و شان و شکۆی دوکتۆراکەی پێ ڕادەگرێت. قەت نەمدیوە بە جل و بەرگی کوردییەوە بێتە سەر پۆل و شانازی پێوە بکات. بە هەموو پێوەرێک مودێڕنە؛ دواویرژەنی گشت مامۆستایانی زانکۆیە.

**پرسیارە دێرینەکە دیسان ختووکەی زێهنت ئەدا. لەمێژە لەو گۆڕەپانەدا دێت و ئەچێت؛ لەوانەیە سەرەتای تەمەنی بگەڕێتەوە بۆ دووەم ساڵی زانکۆت. ئەو دەمەی تازە هەستت بە گۆڕانی هەڵسوکەوتی سمکۆ کردبوو.**

دوکتور هەمیشە لێو بەخەندەیە و کاتێ بەرەوڕووی ئەبییەوە، بەو نیگا ئەفسووناوی و بزە ئاهوورابیەی، هەموو گیانت ئەجوڵێنێت. هەموو دنیا وێران و، بوومەلەرزە دایبڕمێنێ، ئەم هەر لەسەر هەوای خۆیەتی و هەست و سۆزی دانابەزێت.

**ئەمجارەش ناگەی پرسیارەکەتی ئاڕاستە بکەی بانگی گارسۆنی کافەکە ئەکا و بەو بزە شیرینەیەوە پێی ئەڵێ، بێ زەحمەت ئاهەنگێکی شەجەریانمان بۆ بگرە. گارسۆنەکەش بە نیشانەی ڕێز، کەمێک ئەچەمێتەوە و دەمودەست داواکارییەکەی جێبەجێ ئەکات.**

سمکۆ پیاوێکی تا بڵێی مەند و ئارامە. لەوانەیە توخمی تالعەکەی ئاو بێت. زۆر سەختە تووڕە ببێ و هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات. من لەم چەندساڵەی خوێندنی زانکۆمدا تەنها یەکجار تووڕەییم پێوە بینیوە و ئەویش ئەو کاتە بوو کە نەسرین ـ یەک لە هاوپۆلەکانم ـ هەستایە سەرپێ و قامکی شادەی ڕاداشت و وتی:

ـ دوکتور پاکزاد! سوئالێکم هەیە؟!

ـ فەرموو خانم!

ـ دوکتور پاکزاد ببەخشە! ئەتوانم بپرسم تەحلیلتان لە مەوردی ڕفڕاندۆمەکەی هەرێمەوە چییە؟!

سەیر ئەوە بوو لەگەڵ تەواوبوونی پرسیاری ئەو قوتابییە داماوە، سمکۆ وەک پشکۆ هەڵایسا و بەدەنگێکی بەرزەوە وتی:

ـ دانیشە خانم! دانیشە دەی! تۆ سەری سیری یان قونچکی پیاز؟! ئەم سوئالە بێڕەبتە چییە ئەیپرسی؟!

دواتر چاوێکی بە ناو پۆلەکەدا گێڕا و لە جێی خۆی پێی چەقاند و وتی:

ـ هەمووتان باش گوێ بگرن! ئەمەی ئەیڵێم بۆ هەموو دانشجووەکانی کەلاسە! لەمەودووا هیچ کەس و بە هیچ تەریقێک نابێ و ناشێ تەرحی ئەمجۆرە سوئالانە بکات. دەبێ تەوەجوهتان فەقەت لەسەر دەرسەکانتان بێ و کارتان بەسەر ئەم جۆرە مەسەلانەوە نەبێت. هەرکەس فەزای زێهنی بەم خەبەرانە ئالوودە بکا و بیهەوێ دەرگیریان بێ، قەولی پێ ئەدەم نەتوانێت تەنها یەک واحیدیش پاس بکات. چیتر نامەوێ هەمچۆ سوئالهایەکتان لێ ببیستم. شیفتەن شۆد؟!

هەموو وێکڕا بە بەڵێیەک وەڵامیان دایەوە و پۆلەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت، سڕ بوو. ئیتر لەو ڕۆژە بەملاوە نە کەس پرسیارێکی لەو چەشنەی کرد و نە سمکۆشم بینییەوە جارێکی تر تووڕە و، وەک شیری سەر ئاگر، هەڵبچێت.

**هەست ئەکەی ئێستا ئیتر گونجاوترین کاتە بۆ دەربڕینی پرسیارەکەت. دەزگیرانەکەت جاروبار لەگەڵ ڕیتمی ئاوازەکە پێڵووەکانی ئەخەوێنێ و لێوێک لە پەرداخی کاپۆچینۆکە ئەگرێت. خۆت بەسەر مێزەکەدا ئەچەمێنییەوە و سەرت ئەبەیتە پێش. بەوپەڕی متمانەوە دێیتە گۆ و ئەڵێیت:**

ـ سوئالێکت لێبکەم ڕاست جوابم ئەیەیتەوە؟

ـ دە سوئال خانمەخاسەکەم.

ـ ئاخر ڕاست جوابم ئەیەیتەوە؟

ـ ڕاستی ڕاست هەناسەکەم.

ـ ئەمەویٚ بزانم تۆ چەنەت من خۆش ئەویٚ؟

**دەستبەجێ هەر دوو دەستی بەرەولات ئەجوولێ و لەسەر مێزەکە بەیدەستت ئەکا. گەرمای پەنجەکانی ئەڕژێنە ناو ڕۆحتەوە. هەست ئەکەی تینێکی سووتێنەر بەرئەبێتە گیانت و بە هەموو لەشتا بڵاو ئەبێتەوە.**

ـ یێ کوچوولووی نااازا!

ـ چیی؟! یێ کوچوولوویێ نااز؟! هەمین؟!

ـ نە دێلبەندەم، نەء. بی هەوسەلێگیت مەنۆ کۆشتێ مادام! لەبانەت قەندێ مێسری، گونێهایەت سیبێ لۆبنان را/ رەوایەت می کۆنەد چێشمات، ئاهووی خۆراسان را/ مەن ئەز هەر جایێ دۆنیا، هەرکێ هەستەم ئاشێقەت هەستەم/ بێ مێهرەت بەستێئەم دێل را، بە دەستێت .. دادێ ئەم .. جاان .. راااا.

**ڕزگار لوتفی**



# بەتامی چیرۆک

**هێمن دیبا:**

ژنێک پێش لە مردنی بەمێردەکەی دەڵێ: کاتێک مردم دوای من کەی ژن دێنی؟!

کابرا کوتی: هەرکە خۆڵی سەر گۆڕەکەت ویشک بۆوە!

ژنە کوتی: بەڵێن دەدەی؟

کابرا کوتی: بەڵێ بەڵێن دەدەم!

پاش ئەوەی ژنەکەی مرد، هەموو ڕۆژێ کابرا دەچووە سەر گۆڕەکەی تا بزانێ ویشک بۆتەوە یان نا؛ تا ساڵێک بینی ویشک نابێتەوە هەتا ئەوەی ڕۆژێک بینی برای ژنەکەی خەریکە گۆڕەکەی ئاوپرژێن دەکا!

پرسیاری کرد ئەوە چ دەکەی؟!

برای ژنە کوتی: وەسیەتی خوشکەکەم بەجێ دێنم کە هەر دوو ڕۆژ جارێک گۆڕەکەی ئاوپرژێن بکەم!

**بابی ئاژوان:**

ماوەیەک لەوەپێش کەسێک لە گەڕەکی سەیدشوکرەی بۆکان مردبوو. دوای کفن و دفنی، مردووشۆرەکە لە مامۆستا .... دەپرسێ: ئەرێ مامۆستا، ڕاستە دەڵێن مردووشۆر دوای شوتنی مردووەکە دەبێ غوسڵ لە خۆی دەر بکا؟

مامۆستا دەڵێ: هەتیو شتووتە خۆ نەتگاوە، غوسڵی بۆچییە؟!

**ئەنوەر سابڵاغی:**
شەوی جوومعە بوو، کابرا بەتەمای کاری سەرجێیی بوو. بۆوەی کوورەکەی زوو هیلاک بێ و لە خەوی کا زۆرەبانی لەگەڵ دەگرێ؛ فشاری بۆ دێنێ و ئێشی پێ دەگەیێنێ، کوڕە لێوی هەڵدەقرچێنێ و دەڵێ: بابە بزانە بۆ گانێکی ملم هەڵناقەنی!

**قەڵاوڕیحانە:**
کابرا گێڕایەوە: مەلایەک دەیکوت زۆر ڕاوەستام بۆ تاکسی و کەس بۆشی شل نەکردمەوە. لە ناهومێدیان خەریک بوو مێزەرەکەشم فڕێ دەم، لەو ئانەدا ماشینێک بۆی ڕاگرتم و سوار بووم. زۆرم تەشەکور کرد و سەرێکی لەقاند. هۆگانێک لەولاترەوە ڕایگرت. کوتی: فەرموو دابەزە! کوتم: من دەچمە دەوری مەیدان، لێرە بۆ؟! کوتی: من ناچمە وێ. کوتم: ئەی بۆ سوارت کردم؟! کوتی: ئەخەر ئەو جێیەی لێی ڕاوەستابووی سێبەر بوو، بۆخۆت لەو بەر تاوە حەیران بلێ!

**هیوا فەتحیان:**
دۆستێکم بۆی گێڕامەوە:
خێزانی ئامۆزایەکەم تازە بە بووکی هاتبوو، ئاخر و ئوخری پاییز بوو زوقم عەرزی گرتبوو. ڕۆژیکیان لەو خەو هەڵسابوو و تماشای دەرەوەی کردبوو و دیبووی زوقم زۆر باریوە و عەرزی وەک بەفر سپی کردووە، پێی سەیر بوو بۆیە مێردەکەی بانگ کردبوو کە ئەو دیمەنە ببینێ؛ کوتی: ئەحمەو، ئەحمەو، تۆ بێ تماشای دەرۆ کە چەنێ قوزم باریە!

**خاڵۆی ڕێبوار:**

عەمبەری حەمەتاڵ دەیکوت ئەگە گیرفانت پڕ بێ سەرماش کارت لێ ناکا، جا دەیگێڕاوە: ساڵێکیان ساردی پاییزێ لەگەڵ کاکم دوو گاجووتمان هێنا بۆ بازاڕ، فرۆشتمانن بە هەشسەت تمەن. لە ڕۆیشتنەوەدا زوقم لە عەرزێ نیشتبوو، کەڕەسیسەیەک وڵاتی داگرتبوو مەگیم خودا بزانێ. ئێمەش بە پیادە لە ئاوایی داژبەندەوە بە دۆڵێدا دەچووینەوە بۆ حەساربڵاغی. کاکم هەموو هەشسەت تمەنەکەی لە گیرفان نابوو و بە فیکەلێدان لە پێش منەوە تیژ دەڕۆیشت، منیش وەختابوو ببم بە هەلاسکە، سۆڵەی سەرما وەک تیغ ڕوومەتمی دەبڕی و لاقم بڕی نەدەکرد. هەرام لێ کرد ڕاوەستە! کوتی: چییە؟ کوتم: قرم هات، دەرنابەم، ئەو پووڵەم دەیە با منیش برێک گەرم دابێم! کوتی پووڵەکەی دامێ، گیرفانم هەڵمسا، لە لاقانم وەراند؛ ئەوجار من هۆگانەجووتێک وەپێش کاکم کەوتبووم و ئەو بێهێز دەهات و هەر هووی لە دەستی دەکرد!

**بابی ئاران:**

دۆستێکم هەیە کە چەند ساڵ لەوەپێش براکەی بە بیانووی دەنگ خۆشی زوو زوو دەعوەتی میدیاکان دەکرا و گۆرانی پێشکەشی بینەران و لایەنگرانی خۆی دەکرد. خۆش ئەوە بوو تا نیشان دەدرا هەرجارێ دۆستێک پیوەندی لەگەڵ دەکرد و دەیکوت: چاو لە ماهوارە کە، کاکت دەدا!

- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک": "[کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"]"

